# ئازادی بەرابەری ، حکومەتی کرێکاری

**مەنسور حکمەت**

× هیچ نیشانەیەك لە دامرکانەوەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری یە قووڵەی کە بەرببینی بە بۆرژوازی ئیران گرتووە بەرچاو ناکەوێت.

× شۆڕشی ساڵی 57 هەرچەند بە ئاکامی خۆی نەگەیشت ، بەلام دام و دەزگای پاشایەتی هەڵپێچا.

× ئەمڕۆ جمهوری ئیسلامیش هەر لەو چارەنووسە نزیك دەبێتەوە.

نە ئاریایی گەری ئەمریکایی شاو نە خورافاتی ئیسلامی و هات و هاواری پان ئیسلامیستی خۆمەینی وشەریکەکانی، نە کوشت و بڕی نەسڵی ئینسان و نە هەموو ئەو جیناتانەی کە هەر دوو ڕژێمەکە دژ بە بەشەرییەت وئازادی کردویانە، هیچ کامیان چارەسەری ئەو قەیرانەیان نەدەکردو نەیشیان دەتوانی چارەسەری بکەن. چونکە " مەسەلە" و "قەیران" لە نەفسی بوونی کۆمەلایەتی بۆرژوازی و لە دەستەلاتداریەتی ئابووری و سیاسی سەرمایەدایە. شۆرشی 57 تەنیا دژ بە پاشایەتی نەبوو . هەروەك چۆن راپەرینی شوڕشگێرانەی مەزنی داهاتووش بە تەنیا هەڵپێچانی جمهوری ئیسلامی لەبەرچاو نیە. شۆڕشی 57 تاقانەو دەگمەن نەبوو. بەڵکو جلیوەی یەکەمی ئەو بنەمایە ( قاعدە) بوو کە لەمەبەدوا ، تاتێکشکاندنی یەکجاری حکومەتی سەرمایەو نیزامی سەرمایەداری لە ئیران دا، میژووی ئیران دەنەخشێنیٚ. قەیرانی ئابووری و قەیرانی بەردەوامی سیاسی وحکومەتی ، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بەرین کە تەنیا چەند دەورەیەکی کەم تا زۆر کورت ماوە لە پاشەکشە و ڕامانیان دەکەوێتە نیوان ، ڕاپەرینە شوڕشگێرانەکان کە تادیٚ ماوەی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە، ئاواڵەبوون و هێشتا ئاوالە بوونی دەستەلاتی سیاسی لە ئاستی کۆمەلگاداو لە جەرگەی هەموو ئەمانەدا ، دەستەلات گرتنی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری پرۆلیتاریا و پێشڕەوە کۆمۆنیستەکانی، ئەمەیە ئاسۆی ئەو دواڕۆژە ڕاستەقینەیە کە بۆرژوازی لە ئیران دا بە چاوی خۆی دەیبینیٚ بەدەر لەوەی فلانە یان فیسارە تاقمی دەولەتی ڕەسمی بۆرژوازی بتوانێت چەند ڕۆژیك ، چەند مانگیك یان ڕەنگە چەند ساڵێکیش دەستەلاتی خۆیان بەسەر دام ودەزگای دەولەتی یەوە ڕابگرن . لە هەلومەجێکی ئاواو لەژێر باری ئەو مۆتکەیەدا ، ئێستا ئیتر هەموو توێژەکانی بۆرژوازی کەوتوونەتە هەولٚ و تەقەلا ، تابلۆکانی ڕزگاری نیشتمانی سەرمایە یەك لەدوای یەك بەرز کراونەتەوەو بەڕادەیەك زۆرن کە تەنانەت لەبیرنامێنن و ناش ژمێردرێن. جمهوری ئیسلامی بە خومەینی ، بیٚ لاجوردی " جمهوری ئیسلامی بەرەجەوی دیموکراتیکەوە "، " جمهوری سۆسیال دیموکراتی ئیسلامی " ، " ناسیونالیزمی ئیسلامی " ، " ناسیونالیزمی غەیرە ئیسلامی " ، " ناسیونالیزمی ئارایایی " ، " ناسیونالبزمی ئەمەریکایی " ، " پاشایەیەتی خوان کارلوسی " ، " جمهوری پەرلەمانی " ، " یان هەر داگیرکرانی نیزامی لەلایەن ئەمریکاوە"، سەرئەنجام دەبیٚ یەکێك لەوانە بەر لە داڕوخانی جمهوری ئیسلامی بنیاد بنریت و دابمەزریٚ . ئەمە خولیای ئاڵۆزی بۆرژوازی یە، ئەمانە هەمووی سەردێڕێکن کە دەگەڕێنەوە سەر یەك بارودۆخ. کۆتایی هێنان بە شۆڕش و هەرچەشنە بزوتنەوەیەکی شۆرشگیرانە، پاراستن و هێشتنەوەی وەحشی گەری بۆرژوازی لە ئیران . بەرانبەر بە هەموو ئەم تەقەلاو پیلانانە کە مەبەستیان کپکردنەوەی دەنگی شۆڕش و بەربەست کردنی ڕەوتی شۆڕش و قەیرانی شۆرشگیرانەی یەك لە دوای یەکە، کریکارانی شۆشگێری ئیران یەك شیعار بەرز دەکەنەوە، شیعارێك کە نیشاندەری حزووری شلگیری چینی کریکاری ئیرانە لە ڕەوتی پڕئال و گۆڕو پڕ هەڵسوکەوتی ئێستا و داهاتووی دا هەتا وەدیهاتنی دواین ئامانجەکانی . شیعارێك کە هەناو هێزی بزوینەری جولانەوەی ڕوو لە پێشی خەباتی چینایەتی و شۆرشگیرانە لە ئیران لە عیبارەتێکی کورت دا بەیان دەکات: " ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کریکاری " ئەمە شیعاری کرێکارانی شوڕشگێرە. ئەمە شیعارێکە کە هەموو جولانەوە شۆڕشگێرنەکان لە ئیرانی ئەم سەردەمەدا هەر لە شۆرشی 57 وە تا سەرکەوتنی یەکجاری پێکەوە گرێدەدا .

" ئازادی " یانی ڕزگار بوونی تەواو لە هێزو دەستەلاتی ئابووری ، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایەو سەرمایەداری. یانی ڕزگاربوون لەهەرچی پەیوەندی و هەرچی دام و دەزگای سەرکوت کەرو دیلی هێنەری کۆمەڵگای بۆرژوازیی یە. یانی ڕزگاری لە کۆیلایەتی کریٚ گرتە، ڕزگاری لە کۆت وبەندی چینایەتی، ڕزگاری لەسەرکوت و دەزگای سەرکوتگەری دەولەتی بۆرژوازی ، ڕزگاری لە بیٚ مافی سیاسی و کۆتوبەندی فەرهەنگی. ڕزگاری لە داوی مەزهەب و لە بیروراو قانوون و یاسا کۆن و دواکەوتووەکانی کۆمەلگای ئێستا ، ڕزگاری لە چەوسانەوەی مەزهەبی، میلللی و جنسی، رزگاری لە هەژاری و کۆێرەوەری لە نەزانی و خورافات و بەگشتی ڕزگاری لە هەموو هەلاواردن و مەینەتەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری .

" بەرابەری " تەنیا بە مانای بەرابەری حقووقی و قانوونی نیە، یان بەرابەری هاولاتی یانی کۆمەلگایەك لەهەر میللەت و نژادو جنسێك نیە. بەلکو بە مانای بەرابەری بوونە لە ئیمکاناتی ماددی دا . لە دەست ڕاگەیشتن بەو ئامرازانەدا کە دەبنە هۆی گەشەو هەڵدانی تواناو لێهاتوویی فەردی و کۆمەلایەتی . بەنامای بەرابەری یە لە بەرهەم هێنان و بەرێوەچووندا ، بەرابەری یە لە دیاری کردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوە بردنی کۆمەڵگای خۆیان دا . بەمانای بەرابەری یە لە بەهرەمەند بوون لە بەرهەمە ماددی و مەعنەوی یەکانی کارو تێکۆشانی کۆمەلایەتی دا ، لەخەبات بەمەبەستی زال بوون بەسەر هەرچەشنە دواکەوتوویی و کەم و کوری یەکدا، بەمانای بەرابەری یەکە کە تەنیا ئەو کاتە وەدی دیٚ وا خاوەنداریەتی تایبەتی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی و سەروەت و سامانی کۆمەل بکریتە خاوەنداریەتی گشتی و هاوبەشی هەموو ئەو ئینسانانە کە لە هەڵسوڕانی کۆمەلایەتی دا بەشدارن .

" حکومەتی کریکاری " یانی حکومەتی چینایەتی کریکاران، یانی حکومەتی چەوساوەکان و بەرهەم هینەرانی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەل دژ بە چەوسینەران ، حکومەتی ئەو کەسانەی ئەمرو کۆیلەی کریٚ گرتەن و سبەینی هەموو کۆمەل ڕزگار دەکەن ، حکومەتی ئەو کەسانەی کە بناغەی هەبوون و سەروەتی کۆمەڵگا لەسەر کارو تیکۆشانی بەردەوامی ئەوان دامەزراوە ، حکومەتی کریکاری یانی چینی کریکاری ڕێکخراو وەك هێزو چینی ڕزگاری بەخشی خاوەن دەستەلات ، حکومەتی کریکاری یانی حکومەتی سەرکەوتی بەرانگار بوونەوەی چەوسێنەران لەبەرانبەر ڕزگاری بەشەرییەتی زۆرلێکراودا ، حکومەتی کریکاری

یانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دژ بە بە پاریزەرانی هەژاری ، کوێرەوەری ، چەوسانەوە ، نەزانی و دواکەوتوویی ، حکومەتی کریکاری یانی دیموکراسی بۆ کریکاران و زەحمەتکێشان و چەوسانەوەکان وە سەرکوت و بۆ چەوسینەران ، حکومەتی کریکاری یانی ئەو دەستەلاتەی کە زامنی راستەقینەی بەریوە چوونی ئازادی و بەرابەری یە. وەلامی بۆرژوازی بەم شیعارەی پرۆلیتاریا بە تەواوی ڕوونە ، بۆرژوازی بەرابنەر بەم شیعارە لەسەراسەری جیهان دا تەنیا یەك وەلامی هەیە ، ئەویش سەرکوت و زەبروزەنگ و کۆنەپەرستی بیّ پەردەیە دژ بە پرۆلیتاریا. جمهوری ئیسلامی خۆی تەنیا بەشێك و نموونەیەکی زیندووی ئەم وەلامەیە. بەلام ئەو لیبراله چەپ و وردەبۆرژوا و ریفۆرمیستانەش کە خۆیان بە شۆڕش و یان تەنانەت بە سۆسیالیزمەوە هەلواسیوە. هەرچەندش لەبارودۆخی ئێستا ناڕازی بن و لەسەر وەزع و ئالترناتیو))ی خوازراو لەنیو خۆیان دا ناکۆکیان هەبیّ ، کەم تازۆر هەر وەلامێکی یەکسانمان پیّ دەدەنەوە . تیکەلاوێك لە هەڕەشەو گورِەشە، تەحریفات و پرتەو بۆلە بەسەر کریکارانی کۆمۆنیست دا دەبارینن: "حکومەتی کریکاری؟!ئەمە خۆشخەیالی یە. مەگەر سوپای ئەمەریکا نابینن ؟ مەگەر نازانن کە بەشی هەر زۆری خەلك مەزهەبین ، لەدیّ دا دەژین ، غەیرە پرولیترن ؟ پیشەسازی یەکامان بۆ ئەو کۆمەلگا سوسیالیستی یەی ئێوە ، بەرادەی پێویست گەشەی نەکردوە. ئاخر کرێکارە کەم خوێندەوارو نا وشیارەکانی ئێوە چۆن دەتوانن کۆمەلگای پێشکەوتووی ئەورۆ بەڕێوەبەرن ؟ بەکام هێزەوە دەتانەوی حکوومەتی کریکاری دابمەزرینن ؟ کام کرێکار ؟ کام حیزبی چینایەتی ، کام هێزی ڕێکخراو بۆ وەدی هینانی ئەم شیعارە لە ئارادەیە؟ مەگەر شیعارەکانی ئەم روی خەلك نابینن ؟ لە ئیران دا هیچ کەس ناچیتە ژیرباری حکومەتی کریکاری، زووە ئیمکانی نیە. کاریکە لە کردن نایە، خۆش خەیالی یە .

بەشی زۆری ئەم بەیت و بالۆریە ئەو قسە هەلّیت و پەلیتانەن کە بە دانسقە جەعل کراون و سەریەك خراون و بەشێکی تریش بەیانی هەل پەرستانەی و ڕیاکارانەی ئەو ڕاستی یانەیە کە بە چەشنیکی عەینی کۆسپی ڕێگای حکومەتی کریکاری و وەدیهاتنی بەرنامەی کۆمۆنیستی یە. ئەم راستی یانە بۆ ئێمە کەندو کۆسپیکن کە دەبیّ هەلپیچرین و بۆرژوازی وورده بۆرژوازی سەنگەرێکن کە دەبیّ لەبەرامبەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێردا بپاریزرین، سەرەکی ترین کۆسپ لە سەر ڕێگای وەدی هاتنی دەست بەجێی شیعارەکەی ئیمە، بریتی یە لە: نەبوونی پلەی وشیاری چینایەتی پەرژوبلاوی و لاوازی سیاسی تەشکیلاتی چینی کریکاری ئیران. بەلّی ئەگەر کرێکارانی ئێران یەکگرتوو بوایەن ، بە بەرژەوەندی چینینایەتی خۆیان ، لە حیزبی سیاسی شۆرشگێری خۆیان، حزبی کۆمۆنستی ئێرران دا کۆببوونایەوە، دامەزراندنی حکومەتی کریکاری کاری تاقە ڕۆژیك بوو. ئێمە بۆ نزیکتر کردنەوەی ئەو ڕۆژە تێدەکۆشین و خەبات دەکەین. وە ئەم شیعارەشمان خۆی ئامرازێکی گرنگی ئێمەیە لەم خەباتەدا. ئەم شیعارە ئەمرۆ کاری وشیارکردنەوە و کۆکردنەوەو ڕێکخستن بەڕێوە دەباو سبەینێش دەبێتە کردەوەو کۆتایی بە دەستەلاتی ئابووری و سیاسی سەرمایە دینی . وەدیهاتنی ئەم شیعارە ، یانی وەدیهاتنی بەشی لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران ، پێویستی بەڕادەیەکی زۆر لە وشیاری ڕێکخراوی لە نیوچینی کریکاری ئیران دا هەیەو وشیاری و ڕێکخراو بوونێك کە لە خەلّوەتدا و دوور لە کۆمەلّ بەدەست نایە. بەلکوو دەبیّ هەر لە هەناوی ئەم خەبات و تیکۆشانەی ئیستەو راپەرینە یەك لەدوای یەکە شۆرشیکرانەکان و بەهۆی کاری شیلگرانەی کۆمۆنیستەکانەوە وەدی بیّ. چینی کریکار دەبی لە هەر خول و مەیدانیکی خەباتی چینایەتی و شۆرشگیرانەوە ، وشیارتر ، ڕێکخراوتر و بە پەیوەندیەکی قوولترەوە لەگەل حزبەکەی خۆی یانی حزبی کۆمۆنیست هەنگاوی بەرەو پێش هەلگریّ . شیعاری ئازادی بەرابەری حکومەتی کریکاری ڕیّ پیشاندەرەی جولانەوەی بەردەوامی ئێمەیە لە جەرگەی شەڕی یەك لەدوای یەك و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا .

ئەگەر هەر ئێستە هێزی کرایکارانی وشیارو ڕێکخراو بەشی ئەوەندە نیە کە دەست بەجیّ دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگریّ وحکومەتێك دامەزرێنی کە بتوانیّ راوەستانەوەی هەموو دوژمنانی پرولیتاریا و سوسیالیزم تێك بشکینی، ئەو ئێنرژی و داخوازی یە شۆڕشگیرانەیە لە نێو جەماوەری بەرینی کرێکارو زەحمەتکێش وتوێژە زۆرلێکراوەکانی کۆمەلدا هەیە کە بەپشت بەستن بەو ئێنرژیە، پرۆلیتاریای کۆمۆنیست ئەو خەباتەی ئێستا لە ژێردەست و بالّی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی دەربینیّ و بەڕابەری کردنی ئەو خەباتە، بیگەیەنێتە بەرزترین پلەی ئاکامی خۆی . بەشێوەی عەینی و لەڕاستی دا ئەو ئیمکانە هەیە کە خەبات و نارەزایەتی یەکانی ئێستا ببن بە بزووتنەوەیەکی هەرە گەورە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی شۆڕشگێڕ . ئەو دەستەلاتە دیموکراتیك و شۆڕشگیرانەیە کە باری قەیرانی ئابووری نیزامی ئیستا بەسەر بۆرژوازی دا دەڕوخێنیّ و وەها دیموکراسی یەکی پان و بەرین دادەمەزرێنی کەهەنگاو هەلّگرتنی دوایی بەرەو شۆڕشی سوسیالیستی و دامەزراندنی حکومەتی کریکاری چەند لایەنە ئاسایتر دەکاتەوە . دیموکراسی یەکی شۆڕشگێرانەی ئەوتۆ کە وێرای وەلام دانەوە بە سەرەکی ترین پێداویستی یەکانی جەماوەری بەرینی زۆرلێکراوو چەوساوە، لەبارترین هەل و مەرجیش بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینایەتی مەزنی کریکاران و بۆ بە دەست هینانی یەکجاری دەستەلاتی سیاسی پێك دێنی. ئێمە لە ژێر تیشکی شیعاری " ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کریکاری " دا بۆ پێك هینانی وەها هەل و مەجێك و بۆ دامەزراندنی وەها دەستەلاتێکی دیموکراتیك شۆڕشگێریش لە کۆمەل دا خەبات دەکەین. کریکارانی کۆمۆنیست ئامادەن تا لەسەر ئەساسی پلاتفۆڕمێکی شۆرشگێرانەو دیموکراتیك ، یانی بەشی لایەنی کەمی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران ، لە ڕیزی پێشەوە و بە بەشداری هەموو توێژە زۆرلێکراو چەوساوەکان و هەروەها هەموو ئەو هێز کۆمەلایەتیانەی کە خوازیاری ئەوەن ئالّ و گۆڕێکی قوولی دیموکراتیك لە کۆمەلّگای ئێستادا پێك بیّ ، " جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگێرانە " پێك بێنن.

کرێکارانی کۆمۆنیست هەر لە ئێستەوە لەبەشی لایەنی کەمی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران دا ، بۆ کۆکۆدنەوەی هێزو ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی دیموکراسی شۆڕشگیر ، بۆ تێك شکاندنی جمهوری ئیسلامی و دامەزراندنی جمهوری یەکی دیموکراتیکی شۆرشگێر لە جیگای ئەو ، بانگەواز دەکات. جمهوری دیموکراسی شورشگیر تاکتیکی حزبی کۆمۆنیستی ئیرانە لە هەول و مەرجی ئیستادا . ئەم جمهوری یە داخوازە دیموکراتیکەکانی جەماوەری زۆرلیکراوو چەوساوەی کۆمەلّ ، کریکاران ، زەحمتکیشانی دەست تەنگ لەشارو دیّ ، ژنان ، گەلانی زۆرلیکراوو بەگشتی هەموو ئەو ئینسانە بەشەرەفانەی کە داواکاری دیموکراسی بەینی سیاسین وە دی دینی و وەلامی داخوازی هەموو ئەو کەسانەی کە لەبیّ ماف سیاسی ، دەم کوتکردن ، کۆنەپەرستی مەزهەبی و بەگشتی لەو قانوون و یاسا کۆنەپەرستانەی کە بەسەر شوێنی کارو ژیانی دانیشتوانی کۆمەلدا سەپاوە وەرزبوون دەداتەوەو ئەو داخوازیانە جیّ بەجیّ دەکا. بەڕێوە بردنی

ولات دەدریتە دەست شورا راستەقینەکانانی خەلك ، بیرۆکراسی تاقانەو بان تر لە خەلك هەل دەپیچن و دیموکراسی راستەوخۆ دادەمەزریٚ، چەکداربوونی گشتی خەلك دەبی بەزامنی بەرێوەچوونی پاریزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆرش . لەم جمهوری یەدا مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ هەموو میللەتانی ئیران زەمانەت دەکریٚ .قانوونی کاری دیموکراتیکی پرۆلیتاریای شۆرشگێر دەست بەجی بەرێوە دەبریٚ . دەزگای قەزایی بۆرژوازیی هەلدەپیچریٚ و لە جیگای ئەوانە دادگاکانی خەلك بە قازی و هەیئەت منسفەی هەلبژردراوەوە جیگیر دەبن. بیمەی بیکاری و هەموو چەشنە بیمەیەکی کۆمەلایەتی لە ڕادەیەکی فراوان دا دادەمەزریٚ . بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو مافە قانوونی و سنفی یەکان دا رادەگەیەندریٚ . تەندروستی و پاك و خاوینی ، فیرکردن و شوینی ژیانی گونجاو وەك مافی مسۆگەری هەموو دانیشتوانی ولات رادەگەیەندریٚ و هەموو ئیمکانیاتی پیویست بۆ وەدی هینانی ئەم مافانە لە کردەوەدا بە شوراکانی خەلك دەدریٚ . بە کۆرتی ، جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگیر بەشی لایەنی کەمی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران بەرپوە دەبا.

جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگیر وەلامی دەست بەجێی حزبی کۆمۆنیست و پرۆلیتاریای شۆرشگێر لەبەرابەر بە جمهوری ئیسلامی و هەموو تەرح و نەقشەکانی ئەو ئالتەرناتیڤەی کە ئەمرۆ ئوپۆزیسیونی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازیی تەبلیخی بۆ دەکەن. هێزی ڕاستەقینەی کۆمەلایەتی بۆ وەدی هاتنی ئەم ئامانجە دەس بەجیٚ یانە بە ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی هەر ئێستا بالقوە وجوودی هەیە. هیزیکی یەکجار گەورەتر لە توانای لایەنگرانی ئەو " ڕێگاچارە "کانی بۆرژوا ئیسلامی و بۆرژوا پاشایەتەتی یانەی کە ئوپوزیسیونی بۆرژوازیی وردەبۆرژوازیی بە تەمان بەسەر خەلکیان دا بسەپینین. جمهوری شۆرشگیر و ئەو دیموکراسی یە شۆرشگیرە بەرینەی کە ئەم جمهوری یە زەمانەتی دەکات ، لە هەمان کات دا پەردە لەسەر دیموکراسی درۆینەو لیبرالیزم و ریفورمیزمی بیٚ بایەخی ئەم ئوپوزیسیونە لادەدا . ئێمە شیعاری (( ئازادی بەرابەری، حکومەتی کریکاری )) پیٚ بە پێی شیعاری ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی و دامەزراندنی جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگیر هەر لە ئیستاوە تەبلیخ دەکەین. ئێمە هەر لە ئێستەوە دەستمان داوەتە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزەکانی شۆڕشی بیٚ ئەم لاولای پرۆلیتەری. ئێمە ڕادەگەیەنین کە جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگیر بە هەموو پێشڕەوی یەکانی یەوە و بە هەموو دەستکەوتە دیموکراتیەکانی خۆیەوە و سەرەڕای دەوریك کە لە خەباتی بۆ ڕزگاری دا هەیەتی، ئەنجامی کار نیە و خەباتی چینی کریکارو حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بۆ رزگاری یەکجاری هەتا دامەزراندنی حکومەتی کریکاری و سوسیالیزم و بیٚ وچان دریژپیٚ دەدریٚ. ئەو وەردەبۆرژوا – ریفورمیستانەی کە ئیدیعای (( مارکسیزم )) دەکەن پرتەو بۆلەی ئەوەیانە کە ئەم جمهوری یە شۆرشگیرانەیە، بە نیزامی شورای و چەکدارکردنی گشتی و بە بەرنامەی بەرینەوە کە هەیەتی، هەر هەمان حکومەتی کریکاری یە بەناویکی ترەوە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم جمهوری یە زۆر لە ویست و خەیالّی (( بۆرژوا– دیموکراتیکی)) ئەم جۆرە کەسانە واوەتر دەچی. ئیمە دەزانین و دەڵیین کە هەر ئەم جمهوری یە زۆر لە سوسیالیزمی ڕووسی وچینی و بولغارستانی و ئالبانیایی ئەوان کە شتیك نین جگە لە سەرمایەداری دەولەتی لەژێر ناوی سوسیالیزم دا ( بە سوسپالیزم نزیکترە) چونکە ئامرازیکی شۆرشگیرانەی پرۆلیتاریایە بۆ بەرەوپێش چوون و بەلام لە هەمان کاتیشدا بەهیچ کەس. وە بە تایبەت بە هیچ کام لەو کەسانەی کە سوسیالیزم تەحریف دەکەن ئیجازە نادەین کە ئاسۆی کریکارن لە سوسیالیزمی ڕاستەقینەو لە حکومەتی کریکاری بەوجۆرە بەرتەسك بکەنەوە ئەو حکومەتە کریکاری یەی کە جمهوری شۆرشگیر تەنیا ڕێگەی بۆ خۆش دەکاوە هەل و مەجی لەبار بۆ کۆکردنەوەی هیزەکانی پیکدێنی، حکومەتێکە کە کێشەی سەرەکی چینی کریکار بۆ هەلوەشاندنەوەی مالکیەتی خسووسی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنادا وە دامەزراندنی بەرهەم هێنان و موناسەباتی کۆمەلایەتی سوسیالیستی لە جێگای نیزامی چەوسێنەری سەرماداری بە هەموو لایەنەکانی یەوە و بەرابەر بە هەموو دوژمنەکانی بەرو پێش دەبا. حکومەتی کریکاری حکومەتی کریکارانە بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم ، حکومەتی کریکاری حکومەتێکە بۆ زەمانەت کردنی ڕزگاری یەکجاری ، جمهوری دیموکراتیکی شۆرشگێڕ تەنیا هەنگاوێکە هەرچەند هەنگاوێکی یەکجار گەورە ، بەرەو ئەو ئامانجە دەبیٚ .

28 ئابان 1963